# کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

**هێرشی تیرۆریستانە بۆ سەر لندن بەتوندی مەحکوم دەکەین**

**سەر لەبەریانی ئەمڕۆ** 2005/07/07 **دانیشتوانی شاری لندن ڕوبەڕوی هێرشی تیرۆریستانەی ئیسلامیەکانی ئەلقاعیدە بوونەوە و دەیان کەس بوونە قوربانی وسەدان کەس بریندار‌بوون. ئێمە ئەم هێرشە تیرۆریستانەیەی کە خەڵکی مەدەنی شاری لەندەنی کردە قوربانی وەك هێرشی بەربەریەتی تیرۆریزمی ئیسلامی بەتوندی مەحکوم دەکەین و لەپاڵ خەڵکی شاری لەندەن و جیهاندا شان بەشان دەوەستین دژ بەم بەربەریەتی تیرۆریزمە.**

**دانیشتوانی لەندەن و بەغداد و نیوریورك و کابول و مەدرید و هەولێر و زۆرێك لە ناوچە و وولاتانی غەرب و ڕۆژهەلات ئەمڕۆ بونەتە قوربانی ئەم پێشبرکێ تیرۆریستیەی کە لەنێوان حکومەتەکانی ئەمریکا و بەریتانیا وە گروپە ئیسلامیە تیرۆریستەکاندا بۆ چوارساڵە بەردەوامە. ئەم جەنگە تیرۆریستیە هەر ڕۆژە بەشێك لەخەڵکی جیهان دەکاتە سوتەمەنی و گیان و دڵ ودەرونی خەڵکی دەهەژێنێ و دنیایەکی تاریك و پڕمەترسی بەسەر سەری خەڵکی دنیاوە هێشتۆتەوە.**

**هەردوولای ئەم شەڕە تیرۆریستیە دوای هەر کارەساتێك هەڕەشەکانیان توندتردەکەنەوە و بلێر و کۆبونەوەی** G8**هەمان پەیامی شووم دەدەن کە گروپی ئەلقاعیدە بەخەڵکی جیهانی دەدات ،ئەویش درێژەپێدانی جەنگی تیرۆریستی‌یە.**

**ئەم بازنەی قوربانی بوونەی جەنگی تیرۆریزم دەبێت کۆتایی پێ‌بێت.دنیای مەدەنیەت و ئازادیخوازی ئەمڕۆ دەبێت کۆتایی بەم پێشبڕکێ تیرۆریستیە بهێنێت.بەرەی دژی جەنگی تیرۆریزم کە لە** 15**شوباتی** 2003 **بەنیو ملیۆن کەسەوە لەلەندەن و بە ڕیزی ملیۆنەهای لە پایتەختەکانی جیهان هاتە مەیدان دەبێت جارێکی تر بێتەوە مەیدان و کۆتایی‌یەك بۆئەم بەربەریەتی هەردوو بەرەی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی وئەمریکا دابنێت. ئەمە تەنیا ڕێگای بەرگرتن بەو کارەساتانەیە کە ڕۆژانە خەڵکی مەدەنی لەم سەرتا ئەوسەری دنیا باجەکەی دەدات.**

**ئێمە بانگەوازی هەموو خەڵکی ئازادیخوازی دنیا و هەموو ڕێکخراوە و لایەنە ئینسان دۆست و ئازایخواز و یەکێتی‌یە کرێکاری‌یەکان دەکەین بۆ کارکردن لە پێناو هێنانەمەیدانی ئەم بەرە جیهانیە بۆ ڕزگارکردنی بەشەریەت لە بەربەریەتی تیرۆریزم .**

2005/07/07

Asokamal1@aol.com , zmnaco@yahoo.co.uk , ghafur@ukonline.co.uk
**00447786140077, 07701549800**
**www.kurdistanreferendum.net**